# شـــــەونمی شیعر

شیعری:حەمەشوان شەریف
Hamashwan1@hotmail.com

1- ) پێکەنینەکەت
دەنگی بــاران بوو
گزینگی خـۆرو
ووزەی ژیــان بوو
ڕووباری دڵ و
تــۆنی جاران بوو
لمی کەنــارو
یـــاقوتی من بوو ..،.

2-)******************
بۆئازارمەدەی
بـــەچاوەڕوانــی
مۆمی تێک ڕژان
تاکەی هەڵناکەی
ئەستێرەی سەرم
ڕووی لەپیری کرد
ئازاری جەستەم
بارانی داکـــــرد ..،.

3-)********************
نــەپێکەنینت
ڕژاندۆتە گوێـــم
نـەخۆری خۆزگەت
هەڵداوەبــۆڕێم
من تازە غوربەت
تەوێڵی گەستووم
لەناو بۆشـای
شەواندا ووبووم ..،.